# پێداویستی دامەزراندنی دۆستانی ژینگەی کوردستان

**رێبوار حەسەن**
ئەندامی شارەوانی ستۆکهۆلم
سە رۆکی کۆمپانیایی ئاوی ستۆکۆڵم
rebwarh@hotmail.com

ئەم وتارە لە 1995/9/29 لە یەکەم کۆبوونەوەی دامەزراندنی کۆمەڵەی دۆستانی ژینگەی کوردستان خوێندراوەتەوە.

**ئاشکرایە سامانی کوردوستان ساڵەهایە لایەن رژێمە داگیرکەرەکانەوە، بەتاڵان ئەبرێت و خێر و بێری ئەم وڵاتە دەوڵەمەندە لە رێی رژێمەکانی چواردەورەوە، ئەچێتە قورگی وڵاتە سەرمایەدارییە پێشەسازییەکانەوە، ئەمە بێ گوێدانە هەست و ویستی نەتەوەی کورد و ئامانجە نزیک و دوورەکانی. سەرەڕای ئەوەش هەمیشە بە چەکی کوشندەی حەرام کراو خاکەکەیان بێژاوە و قەلاچۆی بە کۆمەڵی خەڵکەکەی کراوە و ژینگەی کوردوستانیان وا پۆخڵ کردووە کە بە چەند سەدەیەکی تریش وەک پێویست خاوێن نابێتەوە. بە تایبەتی دوای بەکار هێنانی ئەو هەموو چەکە کیمیاویانە و چاندنی ملیۆنەها مین لە شوێنە جیا جیاکاندا.**

**جا لێرەدا ئێمەی دۆستانی ژینگەی کوردوستان لە کاتێکدا هەستمان بە نەبوونی گرووپ و رێکخراوە جۆراوجۆرەکانی خەمخۆرانی ژینگە کردووە، بە چاکمان زانی خۆمان لە رێکخراوێکدا بدۆزینەوە و گرنگی بەم لایەنە پڕ مەترسییە بدەین و هەوڵی خاوێن کردنەوە و سەوزبوونەوەی کوردوستان بدەین و بەشبەحاڵی خۆمان لەم بارەیەوە چەند هەنگاوێکی خەمخۆرانە و دڵسۆزانەی بۆ بنێین. گرنگترین هەنگاویش بڵاوکردنەوەی زانیارییە دەربارەی بەکارهێنانی زۆر لەو کەرەستانەی لە دەرەوە دەبرێنە کوردوستان و چۆنییەتی بەکارهێنانیان و کەمکردنەوەی مەترسی بۆسەر ژینگە و تەندروستی مرۆڤ. بۆ نموونە ( دی. دی. تی) ئەمە کەرەسەیەکی کیمیاوی ژەهراوی ناسراوە کە ساڵەهایە لە کوردوستان بۆ کوشتنی مێروو بەکار دەهێنرێت، دە ئەم دەرمانە بۆ سی ساڵ دەچێت لەبەر مەترسی لاوەکی بۆسەر ژیانی ئادەمیزاد لە هەموو ئەوروپادا قەدەغەکراوە. کەچی تا ئێستاش لە کوردوستاندا بەکار دێت.**
**پلانی ئەم سەدەیەی وڵاتانی ئەوروپا، بریتییە لە پلانی ژینگە بۆ هەموو کۆمۆن و شارۆچکەکەنیان، بە پێی هەندێ بەندی کۆنفانسی (ریۆ) ی ساڵی 1992. دەبێت لە دوای ساڵی 2000 ەوە وڵاتانی سێهەمیش بۆ ئەم مەبەستە دەست بە کار بن، پاش ئەوەی لە یەکێتی نەتەوەکان پەسەند کراوە.**

**ئێستا لە زۆر وڵاتانی ئەوروپا هەر کۆمۆن و شارێک دەبێت پلانی ناوچەیی کە ژمارە 21 ی بۆ دانراوە دەست پێبکات، ئەم ئەجیندای 21 ە زۆر لایەنی ژیانی ئەوروپا دەگرێتەوە و بەندێکێشی بۆ هاریکاری لەگەڵ وڵاتانی سێهەم تەرخانکراوە، بۆ ئەوەی ئەمانیش بتوانن گیروگرفتەکانی ژینگە چارەسەربکەن و هاوبەشی لەم پرۆسەیەدا بکەن.**

**شیاوی باسە کە باس لە بۆچوونی سەوز دەکرێت ئەمە بریتی نیە لە بایەخدان بە سەوزبوون بە تەنها، بۆچوونی سەوز بایەخدانە بە هەموو شتێک کە لە ژینگەدایە، بە بێ رێزی سەیری نەکرێت، چونکە لە ناو چوونی هەر شتێکی سروشتی کار دەکاتە سەر ژینگە و لاسەنگی دەکات و بالانسی سروشت تێکدەدات.**

ئێمە لە کاتێکدا ڕێز بۆ هەموو هێزێکی کار دادەنێین بۆ پەرەپێدانی ژینگە، بەڵام بیری ئێمە لە بوونی سەوزاییەوە سەرچاوەی گرتووە، بە بێ سەوزایی ژیان نابێت و قات و قڕی خواردن دێتە ئاراوە و باڵانسی ژیان تێک دەچێت و بوونی مرۆڤایەتی و زیندەوەران ئەکەوێتە مەترسییەوە.
لەبەر ئەم هۆیانە بیری ژینگە و سەوز هەوڵ دەدات بۆچوونەکانی لەسەر بناغەیەکی زانستییانە ڕێک بخات، زانستییە سروشتییەکان، کۆشس بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری دڵسۆزبوون بۆ ژینگە لە ناو کۆمەڵانی خەڵکی کوردوستاندا و زیان نەگەیاندن بە ژینگە و سروشتی کوردوستان بکرێتە ئەرکێکی پیرۆز.
بیری گرنگی دان بە ژینگە لە ناو تەنگوچەڵەمە و ململانێی ئۆردوگای ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا سەری هەڵدا، هەردوو سیستەم لە جیاتی هێنانەدی شوێنەوارێکی خاوێن بۆ ژینگە، کارەساتیان لە پۆخڵکردنی ژینگەدا هێنایە ئاراوە، ئیستا ڕژێمی سەرمایەداری ڕۆژ بە ڕۆژ لە دوکەڵکێشی کارگەکانەوە ژەهراو بەم سروشتە جوان و خاوێنەدا بڵاو ئەکەنەوە و جۆرەها نەخۆشی و مردنی کت و پڕ سەرمایەداران تاوانبارن پێی. بە تایبەتی لە نەبوونی فلتەردا بۆ بەرهەلستی پۆخڵبوون.
لە کوردوستانیشدا نەبوونی ڕۆشنبیرییەکی تێر و تەسەل دەربارەی ژینگە و کەمتەرخەمی زۆربەی خەڵکی کورد لەم بارەیەوە و پراکتیک نەکردن بۆ پاکڕاگرتنی ژینگە، جێگای مەترسی و کارەساتە، بۆیە ئێمەی دۆستانی ژینگەی کوردوستان لە ڕێی ئەم دامەزراوەمانەوە، بە پێی توانا کۆشش بۆ ئەم مەبەستە ئەکەین، ئامانجمان کۆکردنەوە و شیکردنەوەی زانیارییە جیهانییەکانە، بۆ ئەوەی بۆ کوردوستان سوودی لێ وەرگرین. بە واتایەکی تر بیرەکانمان جیهانی یەو، کارەکانێشمان لە کوردوستاندا ڕەنگ پێ ئەدەینەوە. لەگەڵ پێشکەوتنی پیشەسازی لە ئایندەی کوردوستاندا ئەمانەوێت بە ری و شوێنێکی زانستیانە ژینگەی کوردوستان لە پۆخڵبوون بپارێزین و نەکەوینە ناو هەڵەی وڵاتە ئەوروپییەکانەوە، کە ئێستا بە زەحمەت چارەسەری بۆ ئەدۆزنەوە.
دۆستانی ژینگەی کوردوستان کۆمەڵەیەکی سۆلیدارێتییە لەگەڵ ژینگەی کوردوستاندا و دژ بە هیچ ڕێکخراوێکی سیاسی نیە، بەڵکو هاریکاریکردنی هیزەکانی ناو کوردوستانە بۆ پاککردنەوە و سەوزکردنی ژینگە، بەدەر لە بەکار هێنانی هێز، لە ڕێگەی ئاشتییانە و بەکار هێنانی توێژینەوە زانستییەکانەوە دێینە پێشەوە و کار دەکەین.
ئامانجمان داڕشتنی نەخشەیەکی زانستییانەیە بۆ مسۆگەرکردنی خاک و هەوا و خواردن و وزە.